گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(1).Paper21

ڕێــکەوتــی وەرگــرتــن: 01-05-2023
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 11-07-2023
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 28-02-2025

# گونجاندنی یاسایی گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی

**کرێکار فقێ عبابکر[1] - صدقي محمدامين عيسى[2]**

sidqi.amin@soran.edu.iq - Krekarfaqe760@gmail.com

[1] بەشی یاسا، کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عیراق.

[2] بەشی یاسا، کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عیراق.

**پوختە**

ڕۆژانە هەزاران کەس بە هۆی پێشکەوتنی زانستی دەرمانسازی ژیانیان لە مردن ڕزگاردەکرێت، ژیان بۆ خۆیان و خانەوادەکانیان دەگەڕێتەوە، ئەمەش وادەکات مرۆڤایەتی لە دێرزەمانەوە تا ئێستا قەرزاری زانستی دەرمانسازی بێت کە مایەی ستایشکردنیانە، بەڵام بێگومان لەلایەکی دیکەوە ڕۆژانە سەدان کەسیش بەهۆی هەڵە و کەمتەرخەمیی هەندێك لە دەرمانسازەکان دوچاری ئازار و پەککەوتەیی دەبنەوە، تەنانەت هەندێکجار دەگاتە ئاستی مردنیش.

لە ڕۆژگاری ئێستادا لە سەردەمی تەکنەلۆجیا و سەرمایەداریدا، هەمو پیشەکان بەبێ جیاوازی بەدوای خواست و ئارەزوی کەسی دەستڕۆیشتو و هەبو ئاراستەدەکرێن، بێگوێدانە هەستی گشتی هەمو تاکەکانی کۆمەڵگە، بەهۆی ئەو قازانجە زۆرەی لە پیشەی پزیشکیدا هەیە بەشێوەیەکی گشتی، لە دەرمانسازی بەشێوەیەکی تایبەتی، کە لە کارێکی مرۆڤایەتی گۆڕاوە بۆ کارێکی بازرگانی کە لە ڕێگایەوە خۆیان پڕ دەوڵەمەندەکەن، بۆتە سەرچاوەیەکی زۆرباش بۆ کۆکردنەوەی داهات، هەر بۆیە ئێستا دیاردەیەك سەریهەڵداوە ئەویش ئەوەیە کەسی دەرمانساز خۆی دەرمانخانە ناکاتەوە دەچێت مۆڵەتەکەی خۆی دەداتە کەسێکی تر، ئەو کەسە دەرمانخانە دەکاتەوە و پێشوازی لە نەخۆشەکان دەکات و ڕەچەتەی پزیشکی بە ناو و مۆڵەتی کەسی دەرمانساز بەڕێدەکات، زۆر جار ئەو کەسانە یاریدەدەری پزیشکن یان کارمەندی تەندروستین یان پەرستارن یان یاریدەدەری دەرمانسازن، لە کاتێکدا ئەوانە بەگوێرەی یاسا نابێت مومارەسەی پیشەی دەرمانسازی بکەن، لە بەرانبەردا بەگوێرەی ڕێککەوتن مانگانە بڕێك پارە دەداتە کەسی دەرمانساز، ئەگەرچی بەگوێرەی یاسا نابێت جگە لە دەرمانساز کەسی تر دەرمانخانە بەڕێوەببات.

ئەوەش لە ڕێگای گرێبەستێکەوە دەکرێت لە نێوان دەرمانساز و سودمەند بەبێ ئاگاداریی وەزارەتی تەندروستی و سەندیکای دەرمانسازان، و زۆربەی جار ئەو گرێبەستە هەر زارەکییە هیچ نوسراوێك لە نێوانیاندا نییە، ئەو گرێبەستە بەو شێوەیەی کە هەیە لە ئێستادا لە کۆمەڵگەدا یاسادانەر باسی نەکردوە، بۆیە پێویستی بە گونجاندنێکی یاسایی گونجاو هەیە بۆ ئەوەی بزانین ئەوە چ جۆرە گرێبەستێکە و ناوی چییە؟ لەبەرئەوەی بۆشاییەکی یاسایی هەیە بۆ ئەو حاڵەتە، کە لە ئێستادا لە حاڵەتەوە بوە بە دیاردە، ئەو دیاردەیەش لەبەرئەوەی دیاردەیەکی نوێیە بۆیە زانایان و پسپۆرانی یاسا تا ئێستا

باسیان لێوەنەکردوە، بۆیە ئێمە لەو توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین بگەین بە وەسفێکی یاسایی دروست بۆ ئەم جۆرە گرێبەستەیە لە ڕێگای شیکردنەوە و بەراوردکردنی ئەم گرێبەستە لەگەڵ ئەو گرێبەستانەی کە یاسادانەر باسیکردون.

**کلیلە وشەکان:** دەرمانسازی، مۆڵەتی دەستدانەپیشە، گرێبەستی سودوەرگرتن، گونجاندنی یاسایی، حوکمی یاسایی.

## ١- پێشەکی

دەرمانساز تاکە سەرچاوەی پزیشکە تایبەتمەندەکانە کاتێك ڕاوێژی دەرمانیان هەبێت دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ دەرمانساز، جگە لە پزیشکی دەرمانساز، هیچ کەس و لایەنێکی تر مافی فرۆشتنی دەرمان و ئامادەکردن و پاراستن و تۆمارکردنی لە تۆماری وەسفی پزیشکی نییە، بەدەر لەوەش دەرمانساز بۆی نییە هیچ دەرمانێك بداتە نەخۆش بەبێ ڕەچەتەی پزیشکی پسپۆڕ (الحسيني و عبدالواحيد 2016، 344).

لەم سەردەمەدا لە ئەنجامی ئەو پێشکەوتنە ئابوریەی لە ڕۆژگاری ئەمرۆ لە ئارادایە کۆمەڵێ گرێبەست و ڕێککەوتنی نوێ سەریان هەڵداوە کە یاسادانەر لە کاتی دانانی یاسایەکان درکی پێنەکردوە، یەکێك لەو گرێبەستانە سودوەرگرتنە لە مۆڵەتی دەرمانسازی، کەسی دەرمانساز هەڵدەستێت مۆڵەتی دەرمانسازی خۆی دەداتە کەسی دوەم بۆ ئەوەی دەرمانخانەی پێبکاتەوە لەبەرامبەر بڕە پارەیەکی دیاریکراو وەردەگرێت لە کەسی دوەم (سودمەند)، ئەو ڕێککەوتنانە لە ئێستادا گەلێك زۆر بوە، پێچەوانەی ئاداب و خوڕەوشتی پیشەی دەرمانسازیە، بەبێ ئاگاداری سەندیکای دەرمانسازان ئەم ڕێککەوتنانە دەکرێن، ئاگاداربون لەو جۆرە گرێبەستانە کارێکی ئاسانیش نییە چونکە لایەنەکان لە نێوە خۆیان ڕێکدەکەون هیچ نوسراوێکیش نییە بۆیە ناتوانرێت ئامارێکی تەواویش دەستبخرێت، ئەگەرچی دەرمان و پیشەی دەرمانسازی ڕاستەوخۆ پێوەندی بە ژیان و مردنی هاووڵاتیانەوە هەیە لە وڵاتانی پێشکەوتو زیاتر لە هەر بوارێك چاودێریی بەسەرەوەیە (صالح، 2006، 46).

### 1.1 گرنگی توێژینەوە:

گرینگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە باس لە گرێبەستێك دەکەین کە ئێستا بڵاوە لە کۆمەڵگەدا و گرێبەستێکی تازەیەکی ئارادەیەکی زۆر تازەیە نەیاسای دەرمانسازی نەیاسای سەندیکای دەرمانسازان باسی ئەم جۆرە گرێبەستەیان نەکردوە، گرنگە باسکردنی بابەتێکی ئاوا، چونکە بوەتە دیاردەکی بڵاو لە کۆمەڵگەدا کە پێویستی بە چارەسەرە، ئەو چارەسەرەش دەبێت لە ڕێگای توێژینەوە بێت لەلایەن شارەزایان و پسپۆڕانی یاسایی، بۆ ئەوەی ببێتە دەرچەیەك بۆ یاسادانەر کە لەکاتی هەمواری یاسای دەرمانسازی سودی لێوەربگیرێ.

### 1.2 ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجم لەم توێژینەوەیە گەیشتنە بە گونجاندنێکی یاسایی دروست بۆ گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی، توێژەر دەیەوێت ئەوە ڕونبکاتەوە کە ئەو ڕێککەوتنەی کە دەکرێت لە نێوان خاوەن مۆڵەتی دەرمانسازی و سودمەند، ئایا گرێبەستی بەکرێدانی مۆڵەتی دەرمانسازییە یان گرێبەستی هاوبەشیە یان گرێبەستی خواستنە یان مافی سودوەرگرتنە، ئەوە ئامانجی توێژەرە لەو توێژینەوەیەدا.

### 1.3 کێشەی توێژینەوە:

کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی کە ئەو گرێبەستەی کە لەنێوان خاوەنی مۆڵەتی دەرمانسازی و سودمەند ئەنجام دەدرێت چ جۆرە گرێبەستێکە؟ گونجاندنی یاسای چییە؟ ئەحکامەکانی چ جۆرە گرێبەستێکی لەسەر جێبەجێدەکرێت؟ ئایا گرێبەستی بەکرێدانە یان گرێبەستی خواستنە یان گرێبەستی هاوبەشیە یان بریتییە لە مافی سودوەرگرتن؟ بۆیە توێژەر

لەو توێژینەوەیەدا دەیەوێت بگات بە چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەو گرێبەستەیە، لەبەرئەوەی ئەو جۆرە گرێبەستە لە ئێستادا بوەتە دیاردەیەکی باو لە کۆمەڵگا.

## 1.4 میتۆدی توێژینەوە:

لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەی توێژینەوە و گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، پشتمان بەستوە بە میتۆدی شیکاری لە ڕێگای تیشك خستنەسەر ئەو ڕێسا یاسایانەی کە لە یاسای شارستانی و یاسای دەرمانسازیدا ئاماژەیپێکراوە، توێژەر زۆر هەوڵیداوە بڕیاری دادی لە توێژینەوەکەیدا بەکاربهێنێ بەڵام دەستم نەکەوتن، بەهۆی نەبونی سەرچاوە لەسەر ئەو بابەتە ئاستەنگی زۆر بۆ توێژەر دروستبوە.

## 1.5 پلانی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە ئامادەکراوە لە ژێر ناونیشانی (**گونجاندنی یاسایی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی**) ناوەڕۆکی توێژینەوەکە وای خواستوە کە لە دوای پێشەکی توێژینەوەکەمان دابەشی سەر دو بەش بکەین، لە بەشی یەکەمدا باسی ناساندنی گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی بکەین، لە بەشی دوەمیشدا باسی گونجاندنی یاسایی گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازیمان کردوە.

## ١- ناساندنی گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەستدانە پیشەی دەرمانسازی:

یاسادانەری عێراق و هیچ وڵاتێکیتر پێناسەی ئەم جۆرە گرێبەستەیان نەکردوە، تەنانەت پسپۆڕانی یاساش پێناسەیان نەکردوە، تەنها باسی دەستەواژەکانیان کردوە کە هەن، وەك دەرمانساز و مۆڵەت و سودوەرگرتن و دەستدانە پیشە، یاسای دەستدانە پیشەی دەرمانسازی عێراقی ژمارە (40)ی ساڵی 1970ی هەموارکراو لە ماددەی (یەکەم) پێناسەی دەرمانسازی کردوە دەڵێت: هەرکەسێك ئەندام بێت لە سەندیکای دەرمانسازان بەگوێرەی یاسای سەندیکای دەرمانسازان بریتییە لە دەرمانساز، دەرمانساز لەگەڵ کەسی نادەرمانساز بەوە جیادەکرێتەوە کە ئەندام بێت لە سەندیکای دەرمانسازان، بون بە ئەندامیش لە سەندیکای دەرمانسازان دەبێت چەندین مەرجی تێدا هەبن کە لە یاسای سەندیکای دەرمانسازانی عێراقی ژمارە (112)ی ساڵی 1966دا هاتون (ماددەی 41 یاسای سەندیکای دەرمانسازی).

ئەگەر پێناسەی گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی بکەین دەڵێین بریتییە لە گرێبەستێك لە نێوان سودمەند و خاوەنی مۆڵەتی دەرمانسازی ئەنجام دەدرێت بە مەبەستی ڕەخساندنی بارودۆخێك کە بە هۆیەوە سودمەند بتوانێ سود لە مۆڵەتەکە وەربگرێت، لە بەرامبەردا پابەندبێت بە پاراستن و گێڕانەوەی مۆڵەتەکە لە کاتی خۆی، و پێدانی بڕە پارەیەکی دیاریکرا.

یان ڕێککەوتنێکە لە نێوان لایەنی یەکەم کە خاوەنی مۆڵەتی دەرمانسازیە لەگەڵ لایەنی دوەم کە سودمەندە، بەگوێرەی ئەو ڕێکەوتنە لایەنی یەکەم مۆڵەتەکەی دەداتە لایەنی دوەم کە پێیدەڵێن سودمەند بۆ ئەوەی دەرمانخانەی پێبکاتەوە بە ناو و مۆڵەتی ئەو، لەبەرامبەریشدا لایەنی دوەم مانگانە بڕە پارەیەك بەگوێرەی ڕێکەوتنەکە دەداتە لایەنی یەکەم کە خاوەن مۆڵەتی دەرمانسازیە.

## 2.1 تایبەتمەندییەکانی:

گومانی تێدانییە ئەم گرێبەستە سەرەڕای ئەوەی کە گرێبەستێکی نوێیە، بەڵام هاوشێوەی هەمو گرێبەستێك کۆمەڵێ تایبەتمەندی تایبەت بەخۆی هەیە، دەکرێت هەندێ لەو تایبەتمەندیانە لە چەند گرێبەستێکدا هەبن، بە وردبونەوە لە ناوەڕۆکی گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی کۆمەڵێ تایبەتمەندیمان بۆ دەردەکەوێت، کە پێی جیادەکرێتەوە

لە گرێبەستەکانی تر، لەخوارەوە باسی تایبەتمەندییەکان دەکەین، سەرەتا باسی تایبەتمەندییە گشتییەکان دەکەین، دواتر باسی تایبەتمەندییە تایبەتەکان دەکەین هەر یەکەیان بە جیا بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم: تایبەتمەندییە گشتییەکان**

**1- گرێبەستێکی ڕەزامەندیانەیە:** بەیەکگەیشتنی هەردو ویستی خاوەن مۆڵەتی دەرمانسازی و سودمەندە، پێدانی مۆڵەتەکە بەسە بۆ بەستانی گرێبەستەکە، زۆربەی ئەو گرێبەستانەی ئێستا لە واقیعدا هەیە لەنێوان خاوەن مۆڵەتی دەرمانسازی و سودمەند تەنها بە زارەکییە هیچ نوسراوێك نییە.

2- **گرێبەستێکی پابەندکارە بۆ هەردولا:** بەگوێرەی ڕێککەوتن هەریەکەیان چەندین پابەندیان لەسەرە، بۆ نمونە پابەندی لایەنی یەکەم کە خاوەنی مۆڵەتی دەرمانسازیە بریتییە لە پێدانی مۆڵەتی دەرمانسازی بە سودمەند، پابەندی لایەنی دوەمی گرێبەستەکە پێدانی ئەو بڕە پارەیە کەوا ڕێککەوتنی لەسەر کراوە (الغريري، 2015، 22).

**3- گرێبەستێکە لە گرێبەستە بەردەوامەکان:** گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی یەکێکە لە گرێبەستە بەردەوامەکان لەبەرئەوەی کات ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە گرێبەستەکە جا ئەو ماوەیە مانگێك بێت یان دو مانگ یان ساڵێك یان زیاتر بێت هیچ گۆڕانکاری دروست ناکات.

**4- گرێبەستێکە لەسەر سود دەکەوێتەوە:** ئەو گرێبەستەیە هیچ مەبەستێکی تێدانییە کە بریتیبێت لە گواستنەوەی خاوەنداریەتی مۆڵەتەکە بۆ سودمەند بەڵکو تەنها لەسەر سودوەرگرتن لە مۆڵەتەکە دەکەوێتەوە.

**دوەم: تایبەتمەندییە تایبەتەکان**

1- گرێبەستێکی ئاڵوگۆڕە: دەرمانساز مۆڵەتەکەی دەداتە سودمەند، سودمەندیش پارەدەدات یان هەر شتێکی تر بەپێی ڕێککەوتن.

2- گرێبەستێکی بە بەرامبەرە: ئەوەی باوە و بڵاوە لە واقیعدا خاوەنی مۆڵەتی دەرمانسازی وەك لایەنی یەکەم مۆڵەتەکە دەداتە سودمەند، لایەنی دوەمیش بڕە پارەیەك دەداتە خاوەنی مۆڵەتی دەرمانسازی.

3- ناوەڕۆك لەم گرێبەستەیە بریتیە لە مۆڵەتی دەرمانسازی.

4- ئەم گرێبەستەیە یاسایی دەرمانسازی و سەندیکای دەرمانسازی لەسەر جێبەجێدەکرێت.

5- گرێبەستێکی ناونەهێنراوە، یاسادانەری عێراقی باسی ئەم جۆرە گرێبەستە نەکردوە.

دوای ناساندنی بابەتەکە و خستنەڕوی پێناسەیەکی گونجاو بۆ گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی، هەروەها دەرخستنی ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی گرێبەستەکە و تایبەتمەندییەکان و پایەکانی بەوردی، ئەوەمان بۆ ڕونبویەوە، کەوا ئەم گرێبەستە لەڕوی ناساندنەوە چەند لێکچون و جیاوازیەکی هەیە لەگەڵ چەند گرێبەستێکی تر، بەتایبەت لەگەڵ گرێبەستی بەکرێدانی شتە گوازراوەکان و گرێبەستی خواستن و گرێبەستی هاوبەشی و گرێبەستی مافی سودوەرگرتن.

**3. وەسفی یاسایی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی:**

گونجاندنی یاسایی پێدانی وەسفێکی یاساییە بۆ ئەم جۆرە گرێبەستە ئەوەش لە ڕێگای پێناسەکردن و دیاریکردنی تایبەتمەندییەکان و پایەکانی ئەم گرێبەستەیە و بەراوردکردنی لەگەڵ گرێبەستەکانی تر، ئەوکات بۆمان ڕوندەبێتەوە کە لە چ گرێبەستێکی تر نزیکە بۆ ئەوەی ماف و ئەرکی لایەنەکان بەگوێرەی ئەو وەسفە دیاری بکەین، ئێمە لە پێشتر پێناسەی

گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی و تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە گرێبەستەمان کردوە، ئێستاش باسی گرێبەستی بەکرێدان و خواستن و هاوبەشی و مافی سودوەرگرتن دەکەین، کە هەریەك لەوانە بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازیان تێدایە.

## 3.1 سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی بریتییە لە گرێبەستی بەکرێدان:

یاسادانەری زۆربەی هەرە زۆری وڵاتان لە یاسایەکانیاندا پێناسی گرێبەستی بەکرێدانیان کردوە، یاسادانەری عێراقیش لە یاسای شارستانی ژمارە(40)ی ساڵی (1951) لە ماددەی (722) بەم شێوەیە پێناسەی کردوە، دەڵێت بریتییەلە: بە خاوەندارێتیکردنی سودێکی دیاریکراو بە بەرامبەرێکی دیاریکراو و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، بەجۆرێك کەوا بەکرێدەر پابەندە بە ڕەخساندنی بوار بۆ کرێچی کە بتوانێت سود لە بەکرێدراوەکە وەربگرێت.

یاسادانەر دەڵێت بەخاوەنکردنی سودێکە لێرەدا بەکرێدەر پێویستە پابەندبێت بە زمینەخۆشکردن بۆ کرێچی کە بتوانێت کەڵك لە ماڵەکە وەربگرێت، بەکرێدەر پابەندە بەوەی واز لەشتە بەکرێدراوەکە بهێنێت تاکو کرێچی ببێتە خاوەنی سودی بەکرێدراو و سود لە شتەکە وەربگرێت(مرقس، 1985، 22)' (عامري، 1974، 209).

لە گۆڤاری ئەحکامی عدلی پێناسەی گرێبەستی بەکرێدانی کردبو لە مادەی(450) بەم شێوەیە بریتییە لە (فرۆشتنی سود یان کەڵکێکی زانراو و دیاریکراو لە بەرامبەر کرێیەکی دیاریکراودا) کەواتە لەبەرامبەر هەر سودێك بەرامبەرێك هەیە کە کرێیە.

ئەگەر سەیری گرێبەستی بەکرێدان بکەین دەبینین هەمان پێناسە بۆ گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەستدانە پیشەی دەرمانسازیش تەواوە، کەسی دەرمانساز مۆڵەتەکەی خۆی بەکرێدەدات لە بەرامبەردا پارە وەردەگرێت، کاتێك کەسی سودوەرگر لە مۆڵەتەکە مۆڵەتەکە وەردەگرێت دەبێت بە خاوەنی سودی مۆڵەتەکە دەتوانێت بەو مۆڵەتە مارەسەی پیشەی دەرمانسازی بکات و دەرمانخانەی پێ بکاتەوە لە بەرامبەریشدا دەبێت کرێیەك بدات.

### 3.1.1 تایبەتمەندییەکانی گرێبەستی بەکرێدان:

1- گرێبەستێکی ڕەزامەندییە: تەنها بەڕەزامەندی لایەنەکان دادەمەزرێت و پێویستی بە هیچ ڕێوشوێنێکی فەرمی نییە.

2- گرێبەستێکە پابەندییە بۆ هەردولا: بە تەنها ئەنجامدانی گرێبەستەکە لایەنەکان پابەندییان بۆ دروستدەبێت، بەکرێدەر پابەنددەکات بەوەی بوار بڕەخسێنێت بۆ ئەوەی کرێچی بتوانێت سود لە بەکرێگیراو وەربگرێت، کرێچیش پابەنددەکات کە لەبەرامبەر ئەو سودە کرێ بداتە بەکرێدەرەکە.

3- گرێبەستێکی ئاڵوگۆڕە: چونکە هەر یەکێك لە بەکرێدەرو کرێچی شتێك وەردەگرن لە بەرامبەر ئەوەی کە دەیدەن(محمد و سمايل، 2023، 67).

4- گرێبەستێکە لە گرێبەستە بەردەوامەکان: پابەندییەکانی هەردو لایەنی گرێبەستەکە بە درێژایی ماوەی دیاریکراو بەردەوام دەبێت، خاوەن موڵك بەدرێژایی ئەو ماوەیە پابەندە بە ڕەخساندنی بوار بۆ ئەوەی کرێچی کە بتوانێت سود لە سامانەکە وەربگرێت، کرێچیش پابەندە بە پارێزگاریکردن لە سامانەکە بە درێژایی ئەو ماوەیە.

5- گرێبەستێکی سودگەیەنەرە، بەکرێگر سود لە شتەکە وەردەگرێت بەبێ ئەوەی ببێتە خاوەنی ئەو شتە، هەر ئەوەشە گرێبەستی بەکرێدان جیادەکاتەوە لەگەڵ گرێبەستەکانی تر، لە گرێبەستی فرۆشتن کەسی کڕیار جگە لە وەرگرتنی سودی شتەکە دەبێتە خاوەنی شتەکەش(محمد و سمايل، 2023، 67)، (مصطفى، 2015، 4).

### 3.1.2 ڕوە لێکچوەکان:

سەرەتا ئەگەر باسی ڕوە لێکچوەکانی نێوان گرێبەستی بەکرێدان و گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە هەردوکیان تایبەتمەندی ڕەزامەندیان هەیە، هەردوکیان گرێبەستی پابەندیین بۆ هەردولا، لە هەمانکاتدا گرێبەستی بەردەوامن بە جۆرێك لە هەردو گرێبەستەکە لایەنەکان پابەندییەکانیان بەردەوام دەبن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، یاسادانەری عێراقی باسی ماوەی ئەم جۆرە گرێبەستەی نەکردوە، بەڵام ئەوەی ئێستا لە واقیعدا هەیە کە بوە بە نەریت بۆ ماوەی ساڵێکە، لە دوای ئەو ساڵە لایەنەکان دەتوانن بەردەوام بن یان کۆتایی پێبهێنن.

یەکێکی تر لە ڕوە لێکچوەکان کە زۆر گرنگە لە نێوان هەردو گرێبەستەکەدا بریتییە لەوەی کەوا هەردو گرێبەستەکە سودگەیەنەرن، واتە هەر یەك لە خاوەنی مۆڵەتی دەرمانسازی و خاوەن بەکرێدراوەکە پابەندن بە ڕەخساندنی بوار بۆ سودمەند و کرێچی کە بتوانن سود لە مۆڵەتەکە یان بەکرێدراوەکە وەربگرن.

### 3.1.3 خاڵە جیاوازەکان:

1- گرێبەستی بەکرێدان بە یاسا ڕێکخراوە، یاسادانەر چەندین ماددەی بۆ تەرخانکردون، بەڵام گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی بە یاسا ڕێکنەخراوە.

2- لە گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی و گرێبەستی بەکرێدان پابەندی هەیە، بەڵام جۆری پابەندیەکان جیاوازن، لایەنەکانی گرێبەستەکەش جیاوازن.

3- لە گرێبەستی بەکرێدان کەسی بەکرێدەر لە بەرامبەر بەکرێدراوەکە کرێ وەردەگرێت، چونکە کرێ لە گرێبەستی بەکرێدان کۆڵەگەیەکی بنەڕەتیە و بەبێ کرێ گرێبەستەکە دانامەزرێت، بە جۆرێك ئەگەر کرێ لە گرێبەستەکەدا نەما ئەوا گرێبەستەکە دەگۆڕێت بۆ گرێبەستی بەخشین، بەڵام گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی دەکرێت بە بەرامبەر بێت یان وەك ئەوەی کە هاوبەشبن لە دەرمانخانەکە.

4- لە گرێبەستی بەکرێدان سەبارەت بە بابەتی وازهێنان لە ماف بۆ کەسێکی تر لە ماددەی(775)ی یاسای شارستانی عێراقی ڕێگای داوە کەوا کرێچی دەست هەڵبگرێت لە مافی خۆی بکات بۆ کەسێکی تر ئەگەر ڕێکەوتنی پێچەوانە نەبو، بەڵام لە گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی بۆ سودمەند نییە دەست هەڵبگرێت لە مافی خۆی بکات بۆ کەسێکی تر لەبەرئەوەی دەکرێت هەندێ جار ئیعتباری کەسی ڕۆڵی هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا یاسای بەکرێدانی خانوبەرەی عێراقی ژمارە(78)ی ساڵی 1979ی هەموارکراو لە ماددەی (یازدەهەم)دا هاتوە کە بەکرێدانی دوهەم یان دەست لێهەڵگرتنی قەدەغە کردوە تەنها لە یەك حاڵەدا نەبێت ئەگەر هەردو لایەن ڕێککەون بە نوسین لەسەر پێچەوانەی ئەوە ئەو کات دروستە.

لە کۆتاییدا ئەگەرچی ئەو دو جۆرە گرێبەستە لە هەندێ خاڵدا جیاوازیان هەیە، بەڵام بە بۆچونی توێژەر گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی بریتییە لە گرێبەستی بەکرێدان، چونکە خاڵی هاوبەشیان هەیە لە نێواندا کە لە پێشتردا باسمانکرد.

### 3.2 سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی بریتیە لە گرێبەستی خواستن:

گرێبەستی خواستن یەکێکە لە گرێبەستە ناوهێنراوەکان هەروەها یەکێکە لەو گرێبەستانەی کە زۆرترین ئەنجامدەری هەیە، هەر کەسێك لە ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەدا چەندین جار ئەم هەڵسوکەوتەی ئەنجام داوە، بەبێ ئەوەی بزانێ ئەوە هەڵسوکەوتێکە لە شێوەی گرێبەست ئەنجام دەدرێت و یاسادانەر ئەحکامەکانی ڕێکخستون.

یاسای شارستانی عێراق لە ماددەی (847تا 863) باسی گرێبەستی خواستن دەکات هەر لەپێناسەیەوە تا پابەندی لایەنەکان و کۆتاییهاتنی ئەو گرێبەستە هەموی باسکردوە، یاسای شارستانی عێراق لە ماددەی (847) پێناسەی گرێبەستی خواستنی کردوە دەڵێ: خواستن گرێبەستێکە بەپێی ئەم گرێبەستە کەسێك شتێکی نەگونجاو بۆ بەکاربردن ڕادەستی یەکێکی تر دەکات و بەبێ بەرامبەر بەکاریدەهێنێت بە مەرجێك دوای بەکارهێنان بیگەڕێنێتەوە، گرێبەستی خواستن تەنها بە وەرگرتن نەبێت تەواونابێت.

ئەوەی لەو پێناسەیە تێبینی دەکرێت، لێکچونێکی زۆر هەیە لە نێوان گرێبەستی خواستن و گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی پیشەی دەرمانسازی لەو ڕوەی کە گرێبەستی خواستن تەواونابێت تەنها بەوەرگرتن نەبێت، کەواتە ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە کەوا هەردو گرێبەستی خواستن و گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی گرێبەستی عەینین بەجۆرێك هەرچەندە ئەگەر ڕەزامەندی و بەیەکگەیشتنی ویستەکانیش هەبێت گرێبەستەکە تەواونابێت تەنها دوای پێدان و وەرگرتنی شتەکە نەبێت، لێرە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەوا هەردو گرێبەستی خواستن و گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی لە یاسای شارستانی عێراق و بەراوردکارییەکان تایبەتمەندی عەینیبونیان هەیە، واتە گرێبەستی خواستن تەواونابێت تەنها دوای وەرگرتنی شتەکە نەبێت، پێش وەرگرتن هیچ شوێنەوارێکی نابێت، دەتوانین بڵێین وەرگرتن پایەکە لە پایەکانی گرێبەستەکە(رفيعە، 2011، 2).

لە بارەی ئەو تایبەتمەندییەی کەوا گرێبەستی خواستن یەکێکە لە گرێبەستەکانی بەخشین ئەوا یاسای شارستانی عێراق کۆکە لەسەر ئەوەی کە گرێبەستی خواستن گرێبەستێکی بێبەرامبەرە، بەڵام گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی زۆربەی کات بەبەرامبەرە، بەڵام هیچ ڕێگریەك نییە کە بێبەرامبەر بێت بەتایبەت ئەگەر خاوەنی مۆڵەتی دەرمانسازی بە مۆڵەتەکەی بەشداربێت و سودمەندیش بە پارە وەك گرێبەستی هاوبەشی (محمد، سمايل، 2023، 70).

### 3.2.1 ڕوە لێکچوەکانی گرێبەستی خواستن و گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی:

گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی و گرێبەستی خواستن هەردوکیان پابەندین بۆ هەردو لایەن، لە گرێبەستی خواستن خاوەنی شتە خواستراوەکە پابەندە بەپێدانی سامانەکە بە خواستن بۆکراو یاخود بواربڕەخسێنێت بە جۆرێك کەوا خواستن بۆکراو بتوانێت سود لە شتەکە وەربگرێت، لە هەمان کاتدا خواستن بۆکراویش پابەندە بە پارێزگاریکردن لەسەر شتەکە و گێڕانەوەی لە کاتی دیاریکراودا، بە هەمان شێوە لە گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازیش خاوەن مۆڵەت پابەندە بە پێدانی مۆڵەت بە سودمەند بوار ڕەخساندن بە جۆرێك کە سودمەند بتوانێت سود لە مۆڵەتەکە وەربگرێت، هەروەها سودمەند پابەندە بە پارێزگاریکردن لە مۆڵەتەکە و گێڕانەوەی لە کاتی خۆیدا، سودمەند پابەندە بەپێدانی ئەو بڕەی کە ڕێککەوتنی لەسەرکراوە.

یەکێکی تر لە خاڵە هاوبەشەکان ئەوەیە کە هەردوك گرێبەستەکە لەسەر سود دەکەونەوە، یەکێکی تر لە تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی هەردو جۆری گرێبەستەکە ئەوەیە کە دەبێت شتەکە بگەڕێندرێتەوە دوای تەواوبون، لە هەمو حاڵەتێك سودمەند و خواستن بۆکراو پابەندن بە گێڕانەوەی ئەو شتەی کە پێیان دراوە وەکو خۆی دەبێت بیگەڕێنەوە بۆ خاوەنەکەی، هەروەکو لە گرێبەستی خواستن یاسادانەر لە ماددەی (760) لە یاسای شارستانی عێراق ئاماژەی پێکردوە (الفضيلي، 2013، 32)، (رشيد، 2020، 3).

هەندێك لە تایبەتمەندییەکانی گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی وەك گرێبەستی خواستنە، ئەگەر لە هەندێکیش جیاوازیان هەبێت، ئەو حاڵەتەش لە زۆربەی گرێبەستەکاندا هەیە، بۆ نمونە گرێبەستی بەکرێدان زەحمەت

لە گرێبەستەکانی تر جیادەکرێتەوە چونکە هەندێ لەو تایبەتمەندیانەی لە گرێبەستی بەکرێداندا هەنە لە گرێبەستەکانی تریشدا هەن.

لە کۆتاییدا بە بۆچونی توێژەر ئەگەرچی خاڵی هاوبەش هەیە لە نێوان گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی و گرێبەستی خواستن، بەڵام ناتوانین بڵێین گرێبەستی خواستنە لەبەرئەوەی گرێبەستی خواستن هەمو کات بێبەرامبەرە، بەڵام گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی ئەوەی ئێستا هەیە لە کۆمەڵگەدا بەبەرامبەرە خاوەن مۆڵەتی دەرمانسازی لە بەرامبەر ئەو مۆڵەتە مانگانە بڕە پارەیەکی دیاریکراو وەردەگرێت، هیچ بۆچونێکی فقهیش نییە کە پشگیری ئەوە بکات کە سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی گرێبەستی خواستنە.

## 3.3 سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەستدانە پیشەی دەرمانسازی بریتیە لە گرێبەستی هاوبەشی

گرێبەستی هاوبەشی یەکێکە لە گرێبەستە هەرە بەربڵاوەکان لەو سەردەمەدا، کەم پرۆژە هەیە خاوەنەکەی تەنها یەك کەس بێت، زۆربەیان دوکەس یان سێ یان زیاترە، هۆکارەکانی هاوبەشبونیش زۆرن لەوانە، نەبونی شارەزایی نەبونی پارە نەبونی زەوی..... جاری وا هەیە کەسەکان بە تەنها سەرمایەکی تەواویان نییە بۆ ئەوەی بە تەنها پرۆژەکان ئەنجام بدەن، بۆیە هەڵدەستن دو کەس یان زیاتر سەرمایەکانیان پێکەوە دەخەنە پرۆژەیەك(عبدالفتاع، 2020، 86)، بۆچونێك هەیە پێیوایە سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی هەمان تایبەتمەندی گرێبەستی هاوبەشی تێدایە کە ئەوە بۆچونێکی سەندیکای دەرمانسازانی عێراقیشە (الدملوجي، 2019، 175).

گرێبەستی هاوبەشی لە ڕوی زاراوەیەوە بریتییە لە گرێبەستێك لە نێوان دو کەس یان زیاتر کە هەردوکیان هاوبەشن لە سەرمایەو قازانج(عنتر، 2016، 151).

زاراوەی هاوبەشی هەڵێنجراوی زاراوەی کۆمپانیایە کە مجلەی ئەحکامی عدلی لە مادەی (1329)بەم شێوەیە پێناسەی کۆمپانیا دەکات، گرێبەستێکە لە نێوان دو کەس یان زیاتر کە هەردوکیان هاوبەش و بەشدار دەبن لە سەرمایەو قازانج لە نێو خۆیاندا.

ڕاستە یاسادانەری عێراقی باسی گرێبەستی هاوبەشی نەکردوە، بەڵام کۆمپانیا لە یاسای عێراقی پێناسەکراوە کە هەمان واتایە، بەم شێوەیە، کۆمپانیا بریتییە لە کۆمەڵە کەسێك یان کۆمەڵە سامانێك کە بەپێی ڕێککەوتنی دو کەس یان زیاتر هەڵدەستن بە جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی دیاریکراو بە مەبەستی بە دەست هێنانی قازانجێکی ماددی کە لە نێوان خۆیان دابەشی دەکەن، یاسادانەری عێراقی باسی جۆرەکانی کۆمپانیای کردوە ژماردویەتی (کۆمپانیای هاوکاریکردن، کۆمپانیای سادە، کۆمپانیای هاوبەش، کۆمپانیای سنوردار) ماددەی (4)برگەی (1)یاسای کۆمپانیای عێراقی ژمارە(21)ساڵی (1997) بەم جۆرەی خوارەوە پێناسەی کۆمپانیا دەکات بە شێوەیەکی گشتی (کۆمپانیا گرێبەستێکە دو کەس یان زیاتر پابەنددەبن پێوەی بەوەی هەر کام لەوان هاوبەشدەبن لە پرۆژەیەکی ئابوری بە پێشکەشکردنی بەشێك لە سامان یان بە کارکردن بۆ ئەوەی لە قازانج و زیان هاوبەش بن).

هاوبەش بونی زیاتر لە کەسێك لە پرۆژەیکی هاوبەش وەك هەمو گرێبەستەکانی ترە، تەنها جیاوازی هاوبەش بون لەگەڵ گرێبەستەکانی تر وەك گرێبەستی فرۆشتن یان گرێبەستی بەکرێدان ئەوەیە لە گرێبەستی هاوبەشی نیەتی لایەنەکانی گرێبەستەکەیە لەو هاوبەش بونە کە بەرژەوەندییەك کۆیاندەکاتەوە.

### 3.3.1 خاڵە لێکچوەکانی گرێبەستی هاوبەشی لەگەڵ گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی:

یەکەم: گرێبەستی هاوبەشی گرێبەستێکە لە نێوان دوکەس یان زیاتر، کەواتە ئەگەر دوکەس یان زیاتر نەبێت پێی ناوترێت گرێبەستی هاوبەشی، سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەستدانە پیشەی دەرمانسازیش لە نێوان دوکەسە (کەسی دەرمانساز کە خاوەنی مۆڵەتەکەیە لەگەڵ کەسی سودمەند).

دوەم: گرێبەستی هاوبەش بون بە زۆری بۆ ماوەیەکی دیاریکراوە، تا پرۆژەکە یان کارە بازرگانیەکە تەواو دەبێت کە لایەنەکان لەسەری ڕێککەوتون لە دوای کۆتایی هاتنی ئەو پرۆژەیە ئەو هاوبەشیەش کۆتایی دێت، بە هەمان شێوە سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازیش بۆ ماوەیەکی دیاریکراوە بە گوێرەی بەڵگەنامەی گرێبەستەکە.

سێیەم: لە گرێبەستی هاوبەشی هەردولایەن بە پارە یان لایەنێك بە پارە لایەنێکی تر بە کار بەشداردەبێت، لە سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەستدانە پیشەی دەرمانسازییش خاوەن مۆڵەت بە مۆڵەتەکەی و کەسی سودمەندیش بە پارە بەشدارە.

### 3.3.2 خاڵە جیاوازەکانی نێوان هەردو جۆری گرێبەستەکە:

یەکەم: لە گرێبەستی هاوبەشی  هەمو هاوبەشەکان پشکیان هەیە لەو پرۆژەیەی ئەنجامی دەدەن، لایەنەکانی بەشدار لە زیان و قازانج وەك یەکن، بە یەك چاو سەیر دەکرێن نەك یەکیان پاشکۆی ئەوەی تر بێت، ئەگەر یەکێك لە هاوبەشەکان وتی من بەشدارنابم لە زیان بەڵام لە قازانج بەشدارم یان بە پێچەوانەوە ئەوە هاوبەشیەکە پوچەڵە، کە ناکرێت ئەم جۆرە ڕێکەوتنانە بکرێن، بەڵام لە سود وەرگرتن لە مۆڵەتی دەستدانە پیشەی دەرمانسازی ئەو لایەنەی بە مۆڵەت بەشداری کردوە هەموکات ئەو برە پارەی کە لەسەری ڕێککەوتون وەریدەگرێت جا قازانج هەبێت یان نەبێت، لە زیانیش بەشدار ناکات، (ماددەی 515 بڕگەی 1ی یاسای شارستانی مصری ژمارە 131ی ساڵی 1948).

لە کۆمپانیای پشکدار  لایەنەکانی بەشدار لە کۆمپانیایەکە لە قازانج هاوبەشن، لە زیانەکانیش هاوبەشدەبن هەریەکەیان بەگوێرەی ڕێژەی سەرمایەکەی کە بەشدارە، ناکرێت لایەنێك داوا بکات کە ببەخشرێت لە زیانەکان،  لە زیان بەشدار نەبێت، بەڵام لە قازانج بەشدار بێت، یان لایەنەك بەشدار نەبێت لە قازانج بەڵام لە زیاندا بەشدار بێت ئەوا گرێبەستی هاوبەشیەکە پوچەڵە، نابێت ڕێککەون کە یەکێك لە هاوبەشەکان لە کۆمپانیا لە قازانج و زیان بەشدارنەبێت، هەروەها نابێت لایەنەك مەرجدابنێت بەشەکەی بۆ بگەڕێندرێتەوە لە پاش هەڵوەشانەوەی کۆمپانیایەکە چونکە ئەوە لێرەدا وەك قەرزی لێدێت، وەك ئەوە وایە داوای قەرزەکەی خۆی بکاتەوە، لە هەمو ئەو حاڵەتانەی کە باسکرا بە گرێبەستی هاوبەشی دانادرێت (الدملوجي، 2019، 176).

دوەم: هەردو گرێبەستەکە لەیەکتر جیاوازن لە ڕوی تایبەتمەندی و ئەو ئامانجەی کە بۆی دروستدەبن، لە ڕوی بەشداریکردیش جیاوازن، جگەلەوەی لە ڕوی نیەتیشەوە وەك یەك نین، چونکە لە گرێبەستی هاوبەشی نیەتی لایەنەکان مەرجی بنەڕەتیە بۆ ئەنجام دانی گرێبەستەکە بەڵام لە گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی نیەتی هاوبەشی بەدیناکرێت زیاتر وەك بەکرێدەر و بەکرێچی دێنە بەرچاو، بۆیە ناتوانین بڵێین گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی گرێبەستی هاوبەشیە.

سێیەم: گرێبەستی هاوبەشی گرێبەستێکی بازرگانییە، بەڵام گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی گرێبەستێکی شارستانییە.

هەرئەوەشە وامان لێ دەکات کە ئێمە بیرۆکەی گرێبەستی هاوبەشی وەك گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەستدانە پیشەی دەرمازسازی دوربخەینەوە، چونکە لێرەدا ناکرێت ئێمە سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەستدانە پیشەی دەرمانسازی

وەسف بکەین بە گرێبەستی هاوبەشی چونکە خاوەن مۆڵەتی دەرمانسازی بڕە پارەیەکی دیاریکراو وەردەگرێت، پەیوەندی بە قازانج و زیان نییە، بۆیە فکرەی گرێبەستی هاوبەشی دوردەخەینەوە لەم جۆرە گرێبەستەدا (الدملوجي، 2019، 176).

## 3.4 سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی بریتیە لە مافی سودوەرگرتن:

ئەگەرچی یاسای هەندێ لە وڵاتان پێناسەی مافی سودوەرگرتنیان کردوە بەڵام یاسادانەری عێراقی پێناسەی مافی سودوەرگرتنی نەکردوە، هیچ بەشێکی تایبەت نەکردوە بە جیا بۆ مافی سودوەرگرتن بەڵکو لەگەڵ کۆمەڵێك مافی عینیدا باسی مافی سودوەرگرتنیشی کردوە، لە یەکەی دوەم لە یاسای شارستانی عێراق کە ئەویش بە(6) مادده باسی کردوە لە ماددەی (1250 تا 1256).

مافی سودوەرگرتن بریتییە لە مافێکی عەینی کە لە مافی خاوەندارێتی دروست دەبێت بە جۆرێك کە خاوەنی سامانەکە واز لە هەردو دەسەلاتی بەکارهێنان و وەبەرهێنان دەهێنێت بۆ کەسێکی تر کە بریتییە لە کەسی سودمەند، بەڵام لەو حاڵەتە خاوەنی سامانەکە مافی دەستکاریکردنی (الحق التصرف)ی بە دەستەوە دەمێنێت (سمیر، 2018، ب)، (البشیر و طه، 2002، 992)، (الصدة، 168).

یاسای شارستانی فەرەنسی لە ماددەی (578) پێناسەی کردوە بەم جۆرە (مافی سودوەرگرتن بریتییە لە سودوەرگرتن لە شتێك کە موڵکی کەسێکی ترە بە هەمان ئەو جۆرەی کە خاوەنی شتەکە سودی لێ وەردەگرێت، بەڵام بە مەرجێك دەبێت پارێزگاری لە سروشتی شتەکە بکات).

مافی سودوەرگرتن مافێکی کاتیە دەدرێت بە کەسێك لەلایەن خاوەنی خودی سامانەکە بەجۆرێك کە مافی بەکارهێنان و وەبەرهێنان و دەستکاریکردنی پێدەدات لە ماوەی سودوەرگرتن بە هۆکارێ لە هۆکارەکانی کە دەبنە هۆی دروست بونیەوە (علی، 2005، 5).

یاخود مافی سود وەرگرتن بریتییە لە مافێکی عەینی کە خاوەنی ئەو مافە دەتوانێت سود لە شتێك وەربگرێت کە موڵکی کەسێکی ترە، بەڵام دەبێت ئەو شتە بپارێزێت لە لەناوچون تا کاتی کۆتایی هاتنی ماوەی ئەو مافە کە لە هەمو حاڵەتێکدا بە مردنی کەسی سودمەند کۆتایی دێت(محمد، 2005، 342).

### 3.4.1 تایبەتمەندییەکانی  مافی سود وەرگرتن:

یەکەم: گرێبەستی مافی سودوەرگرتن بریتییە لە مافێکی عەینی بەسەر شتێك کە موڵکی کەسێکی ترە، دەسەڵاتێکی ڕاستەوخۆی هەیە کەسی سودمەند بەسەر ئەو شتە بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە لای خاوەنی سامانەکە، بەو جۆرە دەکرێت بۆ ڕوبەڕوبونەوەی هەمو کەسێك بە بەڵگە دابنرێت، ئەو سامانەش گوازراوەبێت یان نەگوازراوە (سمیر، 2018، 94)، (محمد، 2002، 21)، (البشیر و طه، 2011، 320).

دوەم: ئەو مافە کەسی سودمەند سەربەخۆ دەکات لە بەکارهێنان و وەبەرهێنان و دەستکاریکردنی بابەتی مافی سود وەرگرتن لە ماوەی مافی سودوەرگرتن.

سێیەم: مافێکی عینی جیاوازە لەگەڵ خاوەنداریەتی ئەو سامانەی کە پەیوەستە پێیەوە بۆیە هیچ هاوبەشیەك لە نێوان کەسی سودمەند و خاوەنی سەرەکی سامانەکە نییە، هەرچەندە دەکرێت چەندین کەس ببنە خاوەنی مافی سودوەرگرتنی هاوبەش.

چوارەم: دەکرێت مافی سودوەرگرتن بە بەرامبەر بێت یان بێ بەرامبەر، ئەم مافەش لە ڕێگای گرێبەست دروست دەبێت لەگەڵ وەسیەت ئەوەش پێچەوانەی گرێبەستی بەکرێدانە کە پێشبینی ناکرێت دروست ببێت بەبێ بەرامبەر(عبدالباري، 141).

پێنجەم: مافێکی کاتییە، چونکە بە هیچ شێوەیەك لە ماوەی ژیانی کەسی سودمەند تێپەڕناکات، چونکە ئەو مافە ئیعتباراتی کەسی بۆ دەکرێت کە ئەوەش پێچەوانەی گرێبەستی بەکرێدانە کە مافی بەکرێگرتن دەگوازرێتەوە بۆ میراتگران، بۆیەش ئەو مافە بە مردنی کەسی سودمەند کۆتایی دێت لە هەمو بارودۆخێکدا.

لە بنەڕەتدا ئەو مافە بە درێژایی ژیانی کەسی سودمەند بەردەوام دەبێت، ئەگەر هیچ ماوەیەکی بۆ دیارینەکرابو، بەڵام لە هەر حاڵەتێك ئەگەر کەسی سودمەند مرد ئەوا ئەو مافەش کۆتایی دێت هەرچەندە پێش تەواوبونی ماوەی دیاریکراویش بێت (منصور، 2007، 217).

شەشەم: مافی سودوەرگرتن تەنها پەیوەستە بەو شتانەی کە تێك ناچن لە کاتی سودوەرگرتن جا سامانەکە گوێزەرەوە بێت یان نەگوێزەرەوە، چونکە دوای تەواو بونی ئەو مافە دەبێت ئەو سامانە بۆ خاوەنەکەی بگەڕێندرێتەوە، کەواتە هەر شتێك بە سود لێوەرگرتن تێکبچێت نابێت ببێتە بابەتی مافی سودوەرگرتن، هەروەها ئەگەر سامانەکە نەگوێزەرەوە بو دەکرێت بە ڕەهنی دڵنیاکردن دابنرێت (منصور، 2007، 2017)، (سمیر، 2018، 17).

### 3.4.2 خاڵە هاوبەشەکان:

یەکەم: مافی سود وەرگرتن پەیوەستە بەو شتانەی کە تێکناچن بە سودلێوەرگرتن بەڵکو خودی سامانەکە دەمێنێتەوە بۆ خاوەنەکەی، ئەو سامانەش سامانی گوێزەرەوەو نەگوێزەرەوە دەگرێتەوە، لە گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازیش بابەتی گرێبەستەکە گوێزەرەوەیە ونابێت لەناوبچێت.

دووەم: لە هەردو گرێبەستەکە سودمەند نابێتە خاوەنی خودی سامانەکە، بەڵام دەتوانێت سودی لێ وەربگرێت تاکو دوای تەواوبونی ماوەی گرێبەستەکە.

سێیەم: لە هەردو گرێبەستەکە ئەو سامانەی دەبێتە ناوەڕۆکی گرێبەستەکە دەبێت دوای کۆتاییهاتنی گرێبەستەکە بگەڕێندرێتەوە بۆ خاوەنەکەی.

چوارەم: شوێنگە لە گرێبەستی مافی سودوەرگرتن و لە گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی نابێت لەو شتانەبێت کە بە سودلێوەرگرتن لەناوبچێت.

پێنجەم: هەردو گرێبەستەکە بۆ ماوەیەکی کاتینە لە ژیانی کەسی سودمەند تێپەر ناکات، هەر کاتێك سودمەند مرد ئەو مافە کۆتایی دێت، ماددەی (1257)ی یاسای شارستانی عێراقی ژمارە 40ی ساڵی 1951ی هەموارکراو.

### 3.4.3 هەردو گرێبەستەکە لە چەند خاڵێکدا جیاوازن:

یەکەم: گرێبەستی مافی سودوەرگرتن بریتییە لە مافێکی عەینی مافە عینیەکانیش یاسای شارستانی عێراقی ژماردویەتی، بەڵام گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی بریتییە لە مافێکی کەسی.

دووەم: یاسایی شارستانی عێراقی لە ماددەی (1249) باسی سنوری مافی سودوەرگرتن دەکات بەم شێوەیە (دروستە کەسێك ببێتە خاوەنی سودی چەند سامانێك بەبێ ئەوەی ببێتە خاوەنی خودی سامانەکە جا ئەو سامانانەش گوێزەرەوەبن یان نەگوێزەرەوە) دەکرێت مافی سودوەرگرتن پەیوەست بێت بە هەندێك لە جۆرەکانی ماف وەك مافە

فکریەکان وەك مافی دانەر ومافی داهێنەر، هەروەها خودی مافی سودوەرگرتنیش دەکرێت ببێتە بابەتی مافی سودوەرگرتن و تەرخانبکرێت بۆ بەرژەوەندی کەسێکی تر لەو حاڵەتەش کەسی سودمەند لە مافی سودوەرگرتن هەمان جیاکارییەکانی مافی سودمەندی بنەڕەتی هەیە، بەڵام لە گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی تەنها تایبەتە بە مۆڵەتی دەرمانسازی، سودمەند ناکرێت جارێکی تر بیداتە سودمەندی دووەم.

سێیەم: دەکرێت مافی سودوەرگرتن بێ بەرامبەر بێت، بەڵام زۆربەی کات گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی بە بەرامبەرە، ماددەی (1251، 1253)ی یاسای شارستانی عێراقی ژمارە 40ی ساڵی 1951 هەموارکراو.

چوارەم: مافی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی تەنها لە ڕێگای گرێبەست بەدەست دێت، بەڵام مافی سودوەرگرتن بەگوێرەی یاسای شارستانی عێراقی کە لە ماددەی (1250)دا هاتوە دەڵێت مافی سودوەرگرتن بە گرێبەست و وەسیەت و بەسەرچون بە دەستدێت.

پێنجەم: سودمەند لە مافی سودوەرگرتن مافی بەکارهێنان و وەبەرهێنانی هەیە، مافی دەستکاریکردنیشی هەیە ئەگەر لە گرێبەستی سودلێوەرگرتن ئاماژەی پێکرابو، لێرەدا دەستکاری کردنی مافەکە مەبەستمانە، بەڵام سودمەند لە گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی تەنها مافی بەکارهێنانی هەیە (أبو السعود و منصور، 2003، 393).

## 3.5 بۆچونی توێژەر سەبارەت بە هەر چوار جۆر گرێبەستەکە

گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی گرێبەستی هاوبەشیە، کە سەندیکای دەرمانسازانی عێراقیش ئەم بۆچونەیان هەیە پێیانوایە وازهێنانی مۆڵەتی دەرمانسازی لەلایەن دەرمانساز، پێدانی ئەو مۆڵەتە بە کەسێکی تر بۆ ئەوەی بەکاریبهێنی لە بەرامبەر وەرگرتنی بڕە پارەیەك کە مانگانە ئەوکەسە بیدات بە دەرمانسازەکە ئەوە گرێبەستی هاوبەشیە لە نێوان دەرمانساز و سودمەند، بەڵام بە بۆچونی ئێمە ناتوانین بڵێین گرێبەستی هاوبەشییە، چونکە جیاوازێکی ئاشکرا هەیە لە گرێبەستی هاوبەشی لایەنەکان لە قازانج و زیان هاوبەشن ئەگەر وانەبێت ئەو گرێبەستە پوچەڵە، بەڵام لە گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی کەسی دەرمانساز ئەگەر هاوبەش بێت بۆ تەنها لە قازانج بەشدارە لە زیان بەشدار نییە، چونکە بڕە پارەیەکی دیاری کراو وەردەگرێت بەگوێرەی ئەوەی کە ڕێککەوتون لە گرێبەستەکەدا ، بۆیە فکرەی هاوبەش بون دوردەخەینەوە.

سەبارەت بە سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی بریتی بێت لە گرێبەستی مافی سودوەرگرتن چونکە پێمانوابێت هەردوکیان مافی عینین، ئەم بۆچونەش ڕەخنەمان هەیە لێی چونکە پێمان وایە مافە عەینیەکان یاسای شارستانی ژماردویەتی تەنها ئەوانە دادەنرێن کە باسکراون ناکرێت فراوان بکرێت.

هەروەها ئەگەرچی لەڕوی تایبەتمەندییەوە گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی لە گرێبەستی خواستن نزیکە بەڵام ناتوانین وەسفی بکەین بە گرێبەستی خواستن، چونکە گرێبەستی خواستن هەموکات بێبەرامبەرە بەڵام گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی هەموکات بە بەرامبەرە.

ئەگەرچی لێکچون هەیە لە نێوان ئەو سێ جۆرە گرێبەستەی کە لە پێشتر باسمانکرد، لەگەڵ گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی، بەڵام بۆچونی توێژەر وایە کە سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی بریتییە لە گرێبەستی بەکرێدان بە هۆی ئەو خاڵە هاوبەشانەی کە هەیە لە نێوان ئەو دو جۆرە گرێبەستە کە زیاترە لەگرێبەستەکانی تر، چونکە پێمانوایە گرێبەستی بەکرێدان گرێبەستێکی سودگەینەرە، کەسی بەکرێگر سود لە شتە بەکرێگیراوەکە وەردەگرێت، بە هەمان شێوەش کەسی سودمەند کە گرێبەستەکە دەبەستێت لەگەڵ دەرمانسازەکە دەیەوێت سود لەو مۆڵەتە وەربگرێت،

دەڵێین گرێبەستی بەکرێدان بە بەرامبەرە گرێبەستی سودوەرگرتنیش یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەوەیە بەبەرامبەرە، هەردوکیان گرێبەستی ماوەدارن، لە هەردوك گرێبەستەکە تسلیم کردن پایەکە لە پایەکانی گرێبەستەکە، هەروەها لە هەردوك گرێبەستەکە ناوەرۆکی بابەتی گرێبەستەکە لەناوناچێت بە سودوەرگرتن، دوای کۆتاییهاتنی گرێبەستەکە شتە بەکرێگیراوەکە دەگەڕێندرێتەوە بۆ خاوەنەکەی، بۆیە لە کۆتاییدا دەتوانین ڕێسا و بنەما و ئەحکامی بەکرێدان کە لە یاسای شارستانی عێراقیدا هاتوە لەسەر گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی جێبەجێبکەین، لەبەرئەو خاڵە لێکچوە بنەڕەتیانەی کە لە پێشتر خستمانەڕو لە نێوان ئەو دو جۆرە گرێبەستەیە.

## 4. حوکمی یاسایی گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی:

دوای ئەوەی پێناسەی گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازیمان کرد وتمان گرێبەستی بەکرێدانە، ئێستا باسی ئەوە دەکەین چ جۆرە سودوەرگرتنێك دروستە، بۆچونی خۆمان دەخەینەڕو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**4.1** ئەگەر کەسی دەرمانساز کە خاوەنی مۆڵەتی دەرمانسازیە وەفاتیکرد بەگوێرەی یاسا دەکرێت میراتگرانی سود لەو مۆڵەتە وەربگرن تاکو پێنج ساڵ لە مێژوی مردنی کەسی دەرمانسازەوە، هەروەك لەماددەی (5 برگەی 5)ی یاسای دەستدانە پیشەی دەرمانسازی عێراقی ژمارە(40)ی ساڵی1970ی هەموارکراو ئاماژەی پێکردوە، یاسای سەندیکای دەرمانسازانی هەرێمی کوردستانیش ژمارە (8)ی ساڵی 1999دا ئاماژەی پێکردوە لە مادەی (27) بەم شێوەیە هاتوە (میراتگرانی دەرمانساز خاوەنی مۆڵەتی دەرمانخانەکە بۆیان هەیە لە مێژوی مردنی دەرمانسازەوە بۆ ماوەی پێنج ساڵ سود لە مۆڵەتەکە وەربگرن دوای دامەزراندنی بەرێوەبەرێك بۆ دەرمانخانەکە)، بەپێی دەستوریش موڵکایەتی تایبەت پارێزراوە، خاوەندار لە سنوری یاسا مافی سودلێوەرگرتن و بەکارهێنان و هەڵسوکەوت پێکردنی هەیە (ماددەی 23 برگەی 1 دەستوری کۆماری عێراق 2005).

ئەو مەرجانەی کە پێویستە هەبن بۆ ئەوەی سود لە مۆڵەتی دەرمانسازی وەربگیرێن لەدوای مردنی کەسی دەرمانساز:

1- دەبێت کەسی دەرمانساز کە خاوەنی مۆڵەتی دەرمانسازیە خۆی لە ژیاندا نەمابێت.

2- دەبێت میراتگرانی خاوەن مۆڵەتی دەرمانسازی هەڵسن بە دامەزراندنی دەرمانسازێك.

3- سودوەرگرتن لەو مۆڵەتە تەنها بۆ ماوەی پێنج ساڵە بەگوێرەی یاسای عێراقی.

**4.2** ئەگەر کەسی دەرمانساز خۆی لە ژیاندا مابو، بەڵام هەڵبستێ بە سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی لە بەرامبەردا برە پارەیەك مانگانە وەربگرێت لێرەدا دەبێت سەیر بکەین بۆ ئەوەی بزانین ئایە ئەو کەسەی کە مۆڵەتەکەی وەرگرتوە دەرمانسازە یان هەر دەرمانساز نییە، واتە کۆلێژی دەرمانسازی تەواوکردوە یان نا.

بە بۆچونی من وەك توێژەر ئەگەر ئەوکەسەی کە مۆڵەتەکە وەردەگرێت ئەگەر خۆی کۆلێژی دەرمانسازی تەواوکردبو، بەڵام بە هەر هۆکارێك بێت نەیتوانیوە مۆڵەت دەربهێنێت جا بە هۆی نەبونی دوساڵ خزمەت بێت یان بە هۆی وەرگرتنی زۆری ڕسومات بێت لە لایەنی پەیوەندیدار یان ڕێکارەکان قورس و گران بن یان هەر هۆکارێکی تری هەبێت ئەوا ئەو گرێبەستی سودوەرگرتنە دروستە چونکە لە هەمان پسپۆری یەکن، شارەزایەکی تەواوی لە بواری دەرمان هەیە وەك خاوەن مۆڵەتەکە، ئەگەر بەراوردی ئەم حاڵەتە بکەین لەگەڵ دەرمانسازێك کە وەفاتی کردوە دەڵێین بۆچی لەوێ دروستە بەڵام لێرە دروست نەبێت خۆ هیچ جیاوازیان نییە لە هەردوکی هەر سودوەرگرتنە لە مۆڵەتەکە، ئەگەرچی یاسای دەستدانە پیشەی دەرمانسازی و یاسای سەندیکای دەرمانسازانی عێراقی باسی ئەم حاڵەتەیان نەکردوە، دەکرێت ئەم گرێبەستە بەم شێوەیەی کە باسمان کرد لە ژێرچاودێری و بە مۆڵەتی سەندیکای دەرمانسازان بێت.

4.3 ئەگەر هاتو ئەو كەسەی سود لە مۆڵەتەكە وەردەگرێت خۆی دەرمانساز نەبێت ئەو مەرجانەی تێدا نەبێت كە لە یاسای سەندیكای دەرمانسازاندا هاتوە لێرەدا دەڵێین ئەو گرێبەستە دروست نییە، چونكە شارەزای لە پیشەی دەرمانسازی نییە كاتێك مۆڵەت وەردەگرێ لە كەسی دەرمانساز لەبەرامبەردا بڕە پارەیەك مانگانە دەدات، ئەوە پێچەوانەی یاساو سیستەمی گشتی و ئادابی گشتیە، چونكە لێرەدا خۆی دەناسێنێت بە دەرمانساز لە كاتێكدا وانییە ئەو مۆڵەتە هی كەسێكی ترە خەڵكیش وا دەزانێت ئەو دەرمانسازە كەچی دەرمانساز نیە ئەوە فێل كردنە لە خەڵكی پێچەوانەی ماددەی (50) یاسای دەستدانە پیشەی دەرمانسازی عێراقییە، سزای داناوە بۆ ئەو كەسانە.

## 5.كۆتایی

### 5.1 دەرئەنجامەكان:

١- لەبەر ئەوەی گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی گرێبەستێكی نوێ یە، بۆیە توانیمان پێناسەی بكەین بەم شێوەیە: گرێبەستێكە لە نێوان سودمەند و خاوەنی مۆڵەتی دەرمانسازی ئەنجام دەدرێت بە مەبەستی ڕەخساندنی بارودۆخێك كە بەهۆیەوە سودمەند بتوانێ سود لە مۆڵەتەكە وەربگرێت لەبەرامبەردا پابەند دەبێت بە پاراستن و گێڕانەوەی مۆڵەتە دەمانسازیەكە لە كاتی خۆی و پێدانی بڕە پارەیەكی دیاریكراو، بەبێ ئەوەی خاوەنداریەتی بۆ بگوازرێتەوە.

٢- گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی گرێبەستێكی تازە و نوێیە، ملكەچی بنەما گشتیەكانی یاسا دەبێت لەبەر ئەو تایبەتمەندیانەی كە هەیەتی لەوانە گرێبەستێكی ناولێنەنراوە، گرێبەستێكی ڕەزامەندیە دەبەسترێت بە ڕێكەوتنی لایەنەكان، هەروەها گرێبەستێكی ئالوگۆڕە شتێك دەدرێت لەبەرامبەردا شتێك وەردەگیرێت، لەگەڵ ئەوەشدا لە گرێبەستە بەردەوامەكانە كە كات تێیدا زۆر گرنگە.

٣- سەبارەت بە گونجاندنی یاسایی بۆ گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی كەوا هەریەك لە گرێبەستی بەكرێدان و گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی تایبەتمەندی هاوشێوەو لێكچویان هەیە، بۆیە دەتوانین وەسفی بكەین بە گرێبەستی بەكرێدان.

٤- یاسادانەری عێراق ئەم جۆرە گرێبەستەی ڕێكنەخستوە كە بابەتی توێژینەوەكەمانە، بەڵام لە ماددەی (5)ی بڕگەی (5)ی یاسای دەستدانە پیشەی دەرمانسازی ژمارە 40ی ساڵی 1970باسی سودوەرگرتن دەكات لە دوای مردنی كەسی دەرمانساز.

٥- بەرپرسیاریەتی سزای دەكەوێتە سەر دەرمانساز لە كاتی بەكرێدانی مۆڵەتی دەرمانسازی بە كەسێك كە دەرمانساز نییە.

٦- لە عێراق و هەرێمی كوردستان بەكرێدانی مۆلەتی دەرمانسازی لە حالەتەوە بوەتە دیاردە، تا ئامادەكردنی ئەم توێژینەوەیە وەزارەتی تەندروستی كەمتەرخەمە لە ڕێكارگرتنەبەر بەرامبەر ئەو كەسانەی كە مۆڵەتی دەرمانسازی بەكرێ دەدەن.

### 5.2 پێشنیارەكان:

١- پێشنیازدەكەین بۆ یاسادانەری عێراق و هەرێمی كوردستان كە گرێبەستی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی بە دەقێكی دیاریكراو ڕێكبخات، كۆمەڵێ مەرجی دیاریكراوی بۆ دابنێت، لە هەمو حاڵەتێكدا پێویستە ڕەزامەندیی سەندیكای دەرمانسازان وەربگیرێ.

٢- پێشنیازدەکەین یاسادانەر بە دەقێکی ڕون کە نەکرێت شرۆڤەی تری بۆ بکرێت ڕێگری بکات لە بەکرێدانی مۆڵەتی دەرمانسازی بە دانی بە کەسێك کە دەرمانساز نییە.

٣- ئەم جۆرە گرێبەستەی کە یاسا باسی کردوە لە ماددەی (5) برگەی (5) چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ دیاریبکات، لە ڕوی ماف و پابەندیی بەرپرسیاریەتیی لایەنەکان و چۆنیەتیی کۆتاییهاتن بەو گرێبەستە، بۆ ئەوەی ئاسان بێت جێبەجێکردنی بنەماکانی بەرپرسیاریەتیی پزیشکی لە کاتی بونی هەڵەی پزیشکی.

٤- پێشنیاردەکەین کە یاسادانەر سزای توند دیاریبکات کە بگاتە ئاسی قەدەغەکردنی پیشەی دەرمانسازی بۆ ئەو دەرمانسازانەی کە مۆڵەتی خۆیان بەکرێ دەدەنە یاریدەدەری پزیشك یان کارمەندی تەندروستی یان یاریدەدەری دەرمانساز.

٥- پێشنیازدەکەین کە یاسادانەر کاتێك باسی سودوەرگرتن لە مۆڵەتی دەرمانسازی دەکات لە دوای مردنی دەرمانساز، مافی سودوەرگرتن ئەو دەرمانسازانەش بگرێتەوە، کە توشی بارودۆخێك دەبن کە ناتوانن مومارەسەی پیشەی دەرمانسازی بکەن، وەك شێت بون.

# Legal Nature of the Contract for Use of the Pharmacy License

Krekar Faqe Ababakir[1] - Sidqe Mahammad Amin Issa[2]

[1]Department of Law, College of Law, Political Science and Management, University of Soran, Soran, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Department Of Law, College of Law, Political Science and Management, University of Soran, Soran Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract**

The lifestyle nowadays, the supremacy of globalization and capitalism has all businesses and crafts under the control of capitalism, the rich individual has the ability to control work and guide work. The society under this authority is so affected that it has no choice since it must follow this system and consume what it produces regardless of the quality of the material. Pharmaceutical work has deviated from its proper course of serving humanity to serving capitalism because this craft has enormous profits. And he's doing business, not as a humanist. This is done by the pharmacist officially and under his supervision opens a pharmacy but himself does not run the pharmacy and does not dispense the medicine himself and he does not exist at any time but hires others to do his job or rent his testimony to other people and arrests them monthly. A medical assistant or nurse replaces the pharmacy; legally, this is not true of legal regulation is due to the lack of expectation of the emergence of this type of contract, which requires the legislator and legal jurisprudence to find appropriate solutions by defining the obligations of the parties to this contract and their responsibility if a medical error occurs in the dispensing of medicines or in violation of the instructions for the practice of the profession of pharmacy.

Keywords: Pharmacy, Leave, Benefits Contracts, Legal Amendments, Court Rulings.

**سەرچاوەكان:**

دەستوری کۆماری عێراقی فیدراڵ 2005.

**پەرتوکەکان:**

تالەبانی، د. نوری، (2014) فەرهەنگی قانونی عەرەبی- کوردی- فەرەنسی- ئینگلیزی، چاپی شەشەم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

خۆشناو، سەردار عزیز،(2013) فەرهەنگی یاسای کوردی- عەرەبی و عەرەبی –کوردی، بڵاوکراوە کتێبخانەی تەبای، چاپی شەشەم، هەولێر.

د. خالید محمد صالح (2016) دیاردەی سو خۆری لە مامەڵە هاوچەرخەکاندا، چاپی یەکەم، سلیمانی.

د.باسم محمد صالح (2018) یاسای بازرگانی بەشی یەکەم"، وەرگیرانی محمد وسمان، چاپی سێیەم، چاپەمەنی تەبای.

مجید، کمال حەسەن (2018) هەڵەی پزیشك و بەرپرسیاریەتی یاسایی، چاپی یەکەم، بڵاوکرنەوە کتێبخانەی یادگار.

الشيرازي، مجد الدين محمد بن يعقوب الفيروز أبادي، القاموس المحيط، الجزء الأول، دار العلم للجميع، بيروت.

الصدة، عبدالمنعم فرج، الحقوق العينية الأصلية، دراسة في القانون البناني والقانون المصري، دار النهضة العربية، بيروت.

عامري، د. سعدون (1974) الوجيز فى العقود المسماة عقد البيع والايجار، الطبعة الثالثة، بغداد.

عبدالباري، رضا عبدالحليم عبدالمجيد، الوجيز في الملكية والحقوق العينية التبعية، دون طبعة وسنة النشر، جامعة بنها، مصر.

عبدالرحمان، د.محمد حسن (2007) مصادر الالتزام"، (ط1، دار النهضة العربية، مصر.

علم الدين، د.محي الدين إسماعيل، العقود المدنية الصغيرة في القانون المدني والشريعة الإسلامية والقوانين العربية، دار النهضة العربية، مصر.

علي، هادي العبيدي (2005) الوجيز في شرح القانون المدني- الحقوق العينية الأصلي، منشأة المعارف، مصر.

الفضيلي، د. جعفر محمد جواد (2013) الوجيز في العقد الايجار، منشورات زين الحقوقية، بيروت.

أبو السعود، رمضان محمد و محمد حسين منصور(2003) المدخل إلى القانون- القاعدة القانونية- نظرية الحق، منشورات الحلبي الحقوقية، لبنان.

الذنون، د. حسن علي (1991) المبسوط في المسؤولية المدنية، الجزء الأول، شركة التايميس للطبع والنشر، بغداد.

سليمان، قصي، الحقوق العينية الأصلية، الجزء الأول، الطبعة 1، منشورات جيهان الخاصة، العراق.

البشير، د. محمد طه و د. غني حسون طه (2002) الحقوق العينية- الحقوق العينية الأصلية- الحقوق العينية التبعية، الجزء الأول، المطبعة الشركة العاتك لصناعة الكتاب، القاهرة.

البعلبكي، د. روحي و موريس نخلة، صلاح مطر(2002) القاموس القانوني الثلاثي عربي، فرنسي، إنكليزي، الطبعة الأولى، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت.

جعفر، محمد سعيد (2011) مدخل إلى العلوم القانونية- النظرية الحق، الجزء الثاني، الطبعة1، دار هومة، الجزائير.

الحكيم، د. عبدالمجيد ود.عبدالباقی البكري ومحمد طه البشير(2021) الوجيز في نظرية الالتزام في القانون المدني العراقي، الجزء الأول في المصادر الالتزام، مطبعة يادگار، ط1، سلێمانی.

الحلبوسي، إبراهيم علي حمادي (2007) الخطأ المهني والخطأ العادي في اطار المسؤولية الطبية، منشورات حلبي للحقوقية، ط1، بيروت.

سنهوری، د. عبدالرزاق (1963) الوسيط في الشرح القانون المدنى الإجار.

منصور، محمد حسين (2007) الحقوق العينية الأصلية، دار نشر دار الجامعة الجديدة، مصر.

منى، جريح، معجم المصطلحات القانونية، مكتبة لبنان.

محمد، فريدة زواوي (2002). المدخل العلوم القانونية- نظرية القانون، الطبعة 8، المؤسسة الوطنية للفنون المطبعية، الجزائر.

محمد، كامل مرسي باشا (2005) شرح القانون المدني- الحقوق العينية الأصلية، دار نشر منشأة المعارف، مصر.

مرقس، د.سليمان (1980) شرح القانون المدني العقود المسماة، عقد البيع، مجلد الأول، الطبعة الرابعة، الجزء3.

**نامەی ماستەر:**

رفيعه، لعور ريم (2011) أثار العارية الاستعمال فى القانون الجزائيرى والقانون الفرنسى، رسالة الماجستير، جامعة وهران.

سميرة، برنو (2018) حق الانتفاع في القانون الجزائيري، رسالة ماجستير، جامعة العقيد آكلي منحد أولحاج بالبويرة.

الغريري، عبدالله عيسى مطشر (2015) عقد الإستشارات الهندسية- دراسة مقارنة في القانونين الأردني والعراقي، رسالة ماجستير، جامعة الشرق الأوسط.

الحيدان، إبراهيم بن الصالح، (2006) المسؤلية الصيدلى عن أخطائه المهنية و العقوباته في النظامين السعودى والمصري، الرسالة الماجستير، جامعة النايف العربية.

**توێژینەوەی زانستی:**

محمد، بەشدار عبدللە و پ. ی. د. تحسين حمد سمايل، (2023) گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن- کتێبخانەی تەبایی یاسایی بە نمونە، گۆڤاری ئەکادیمی زانکۆی نەورۆز، پ12، ژ1،

الحسيني، د. امير عباس و أحمد هادي عبدالواحيد (2016) ادوية الطبية في قانون عراقي، مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية والسياسية، العدد الأول، السنة الثامنة.

الدملوجي، د.نزار حازم محمد (2019) الانتفاع بإجازة مزاولة مهنة الصيدلة، دراسة مقارنة، مجلة العلوم القانونية والسياسية جامعة ديالة، المجلد الثامن، العدد الأول.

عنتر، د. ضحى محمد سعيد إبراهيم (2016) اشتراك الغير في الانتفاع بالمأجور، مجلة الرافدين للحقوق، مجلد13، ع48.

مصطفى، محي الدين عبدالرحمان (2015) أركان عقد الإيجار في القانون المدني، بحث الترقية من الصنف الثالث إلى الصنف الثاني من صنوفا القضاء، مجلس القضا اربيل.

**سەرچاوەی ئەلیکترۆنی:**

حمدمين، د. زانا زرار، (26-10-2021) پیشەی پیرۆزی پزیشکی و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ نەخۆش، Https://Www.Kurdiu.Org/Ku/B/ مێژوی سەردانیکردن 13-4-2022.

عبدالرحمن، د. عيسى (19-5-2019) ئەرکی پیشەی پزیشکی و پیشەی تەندروستی لە قانوندا، Https://Www.Shanpress.Com/Wtardetails.Aspx?Jimare= مێژوی سەردانیکردن 12-12-2022.

رشيد، براءة ،"كيفية تمييز الإيجار عن عقد الإعارة في القانون التجاري، (24/ سيتمبر/2020) Https://E Arabi.Com/Law/%D3 مێژوی سەردانیکردن 14-3-2021.

من تأجير الشهادة الى تكاليفها.. وجه اخر بعالم الصيدليات في العراق هذه كواليسها، 20-12-2019، Https://Shafaq.Com/Ar ، مێژوی سەردانیکردن 30-8-2022.

الاستفادة من اسم الصيدلي لاستخراج الترخيص مقابل راتب شهري، (25-10-2007)، Https://Islamqa.Info/Ar/Answers/ ، مێژوی سەردانیکردن 27-9-2022.

**یاسایەکان:**

یاسای سەندیکای دەرمانسازانی عێراق ژمارە(112)ی ساڵی (1966)ی هەموارکراو.

یاسای سەندیکای دەرمانسازانی هەرێمی کوردستان ژمارە(8)ی ساڵی 1999.

القانون التجاري العراقي رقم 21 لسنة 1997.

القانون المدني العراقي رقم 40 لسنة 1951.

القانون المدني المصري رقم 131 لسنة 1949.

قانون مزاولة مهنة الصيدلة المصري رقم 127 لسنة 1955.

قانون مهنة الصيدلة العراقي رقم 40 لسنة 1970.

قانون نقابة الصيدلية العراقي رقم (112) لسنة 1966